## عەبدولقادر بازرگان:

# لە دوای جیابوونەوەمان لەبەرەی تورکمانی هەندێک لایەنی دەرەکی هەڕەشەیان لێ کردین



**عەبدولقادر بازرگان کەسایەتییەکی دیاری نێو بەرەی تورکمانی بوو، لێپرسراوی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بوو لە هەولێر و لە پاش کۆنگرەی چوارەی بەرەوە لە ڕۆژانی ٢٢ تا ٢٠٠٥/٢٤ جیابوونەوەی خۆی لە بەرە ڕاگەیاند و زۆربەی دامودەزگاکانی بەرەی تورکمانی لە هەولێر هاوهەڵوێستی بەڕێزیان بوون بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەو هەڵوێستە و دوا ئاکامەکانی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێزیان سازدا.**

**دیمانە: نامق هەورامی**
**namqhawrame@yahoo.com**

*** بەڕێزتان ماوەیەکی زۆر لە نێو بەرەی تورکمانیدا کارتان کردووە لەو ماوەیەدا چ سەرنجێکتان هەبوو لە سەر هەڵوێستەکانی بەرەی تورکمانی بەرامبەر بە ئەزموونی کوردستان بە گشتی؟**

- دیارە لە ساڵی ١٩٩٧ یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی بەرەی تورکمانی لە هەولێر و ئەو کات ئەو کۆنگرەیە ئیشێکی زۆر چاک بوو، خزمەتێکی زۆری تورکمانەکانی کرد، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا کۆنگرەی دووەمیش هەر ئیجابی بوو بەنسبەت تورکمانەکانی هەولێر و کەرکووک و تەلەعفەر و شوێنەکانی دیکە، لە پاش پرۆسەی ئازادی بەرە چووە کەرکووک، هەندێک گۆڕانکاری هاتە ناو بەرەوە پاش کۆنگرەی سێیەم هەولێر لە سیاسەت و ستراتیژی بەرەی تورکمانیدا پەراوێزکراو هیچ حسابێک بۆ تورکمانی هەولێر نە دەکرا، ئێمە ساڵێک زیاترە هەوڵ دەدەین کە لەو پەراوێزە هەولێر رزگار بکەین هیچمان بۆ نەکرا، بەڕادەیەک ئیهمال کرابووین لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ لیستی پەرلەمانی عێراق یەک کەسی هەولێر لەو لیستەدا بوو لە کۆی ٦٣ پاڵێوراو لە لیستی ئەنجوومەنی پارێزگادا ٦ نەفەر دیاری کرابوو لە کاتیکدا دەبوو ٣٦ نەفەر دیاری بکەن.

بەرەی تورکمانی دەیزانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم هەیە و لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە لە پاش پرۆسەی ئازادی بە رەسمی وەک حکوومەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر هەبوو بە هەڵبژاردن دروست بوو بوو کەچی نەیاندەویست ئیعترافی پێ بکەن و هەر لەو ڕوانگەیەوە هەر تاوێک لەسەر ریتمی لایەک سەمایان دەکرد.

ڕۆژانی ٢٢ تا ٢٠٠٥/٤/٢٤ بەرە کۆنگرەیەکی بەست و لە ماوەی ڕۆژانی کۆنگرەدا کە من لەوێ ئامادەبووم بە دەرکەوت کە بەرە هەمان سیاسەتی پەراوێزکردنی ئێمە پەیڕەو دەکات لە کۆی ٤٢٦ ئەندامی کۆنگرە تەنیا ٢٧ ئەندامی هەولێری تێدابوو ئەمە جگە لەو بابەتانەی لە ماوەی ساڵانی کارکردنم لە بەرەدا بۆم ڕوونبوونەوە بۆیە ئێمە کۆنگرەکەمان جێهێشت و هاتینەوە هەولێر و بڕیاری جیابوونەوەی خۆمان و وازهێنانمان لە بەرەی تورکمانی لە بەیاننامەیەکدا راگەیاند.

*** ماوەیەکی بەر لە ئێستا ریاز ساری کەهیە رایگەیاند کە لە مانگی چواردا کۆنگرە دەبەسترێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەرەی تورکمانی و دامەزراندنی حزبێکی نوێ، ئەو قەناعەتە چۆن لای ئەوانەی لە پشت (بەرە)ەوەن دروست بوو بۆ گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی بەرەی تورکمانی و بۆچی کۆنگرەکە بڕیار بوو چەند ڕۆژێک پێشتر ببەسترێت کەچی دواکەوت؟**

- هۆکاری دواکەوتنی کۆنگرە نەگەیشتن بوو بە ڕێکەوتنێک لە نێوان بەرپرسانی بەرەدا، هەر بۆیە وەک دەبینن ئێستاش کۆنگرەکە فەشەلی هێنا و ئەو قەناعەتەی لەلایەن پاڵپشتەکانی بەرەوە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت دەیانەوێت بەرە بکەوێتە ژێر رکێفی تەنیا کەسێک بۆ ئەوەی بە ئاسانی کۆنترۆڵی بکەن.

*** بەرەی تورکمانی ئیدیعای دەکرد کە زیاتر لە سێ ملیۆن تورکمان لە دەوری ئەو بەرەیە کۆبوونەتەوە کەچی لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەرتاسەری عێراق و بە دەنگەکانی دەرەوەشەوە کەمتر لە ١٠٠ هەزار دەنگتان هێنا، ئێوە ئەم هاوکێشەیەتان چۆن لێکدایەوە؟**



– راستە تورکمان زۆرن، بەڵام مەرج نییە ئەوانە لەژێر کۆنترۆڵی بەرەدابن، بەڵام ئێمە دەمانگوت بەرەی تورکمانی نوێنەرایەتی تورکمانەکان دەکات و حزبە تورکمانەکانی دەرەوەی بەرەش هەمان شتیان دەگوت کە ئەوان نوێنەری تورکمانن ئەمەش مافی هەر لایەکە چۆن بانگەشە بۆ خۆی بکات و ئەوان توانیان لەگەڵ لیستی کوردستانیدا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن.

*** بەشداری تورکمانە کوردستانیەکان لەگەڵ لیستی کوردستانیدا لای ئێوە لەبەرەدا چ خوێندنەوەیەکی هەبوو؟**

– دەمەوێت ئەو راستییە بڵێم کە بەرەی تورکمانی هەرگیز رەئی لەسەر هیچ شتێک نەبووە و هەرگیز خوێندنەوەیان بۆ هیچ رووداوێک نەبووە و لە نێو ئێمەدا شتەکان هەمووی ئیجتهاداتی شەخسی بوون.

*** تۆ وەک خۆت تێڕوانینت چۆن بوو؟**

– ئەوان دەیانگوت با لە لیستی شیعی بەشداری بکەین من گوتم با لە لیستی کوردستانیش بەشداری بکەین ئەوان رازی نەبوون بۆیە منیش ناوم لە لیستی پاڵێوراواندا هەبوو، بەڵام سڕیمەوە و بەشداریم نەکرد.

*** بەر لە پرۆسەی ئازادی عێراق بەرەی تورکمانی قورسایی خۆی خستبووە هەولێر و پاش پرۆسەی ئازادیش بۆ کەرکووک، لە کاتێکدا هەولێر پایتەختی حکومەتی هەرێمە و کەرکوکیش بەنسبەت کوردەوە هێڵی سوورە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم بابەتە؟**

– ئەو کاتیش کە لە هەولێر بوون هەر بەو ئاراستەیە کاریان دەکرد، بەڵام ئەو کات کەرکووک لەژێر دەسەڵاتی سەدام حوسەیندا بوو بۆیە باسیان نەدەکرد، بەڵام ئێستا ئەوان وا کاردەکەن کە کەرکووک شارێکی تورکمانیە.

*** ئێوە لە بەرەی تورکمانی جیابوونەوە تا چەند بارەگاکانی بەرەو خەڵکانی سەر بە بەرەی تورکمانی لەگەڵ ئێوەدان؟**

– کاتێک لە کۆنگرە هاتمە دەرەوە هاتمەوە بۆ هەولێر ئەو بەیاننامەیەم بڵاوکردەوە بە برادەرانی خۆمانم گوت ئەوانیش بە منیان گوت ئێمە لە گشت هەنگاوێکدا لەگەڵ تۆ دەبین، پاشان دائیرەی حمایە هاتن و گوتیان کارێکی باشت کردووە و ئێمەش پشتگیریت دەکەین، دیارە دائیرەی حمایە لە بەرەدا کۆنترۆڵی تەواوی دائیرەکان دەکات چونکە ئەرکی پاراستنی دائیرەکان لە ئەستۆی ئەواندایە، دائیرەی تەندروستیش، راگەیاندن و زۆر جێگای تر، سەبارەت بە راگەیاندن و رادیۆ و تەلەڤزیۆن من پێم گوتن تەنیا گۆرانی و سروود لێبدەن بەبێ ئارمی بەرە.

*** کاردانەوەی بەرە لە بەرامبەر کشانەوەی ئێوە چیە؟**

– تا ئێستا هیچ نییە

*** ئەی لە ئاستی دەرەوەدا؟**

– هەندێک هەڕەشەی دەرەکی هەیە و ئاگاداریان کردمەوە کە ئەو کارە باش نییە کە کردوومە.

*** ئەی هەڵوێستی ئێوە چی بوو؟**

– پێم گوتن ئەوەم کردووە و کۆتایی هاتووە.

*** ئەی حزبە تورکمانیەکانی دەرەوەی بەرەو کەسایەتییەکان هەڵوێستی ئێوە چۆن دەنرخێنن؟**

– هەموو لایەک پیرۆزباییان لێم کردوە چونکە تورکمانی ئێرە حەز دەکەن لەگەڵ کوردا بژین و وەک جاران برابن، بەڵام هەندێک کەسی ناو بەرە و سەر بە مخابەراتی وڵاتێکی ئەوەیان پێخۆش نییە.

*** بە نیازن چی بکەن؟**

– بە نیازی دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی کاتیم و ئەگەر حکومەتی هەرێم پێشوازی هەنگاوەکەمان بکات ئەوا پارتێک دادەمەزرێنین لە چوارچێوەی یاسای هەرێمی کوردستاندا.

*** هیچ شتێکتان بە فەرمی پێگوتراوە لەو بارەیەوە؟**

– نەخێر، بەڵام ئاماژە هەن بۆ ئەوەی لێرە هاوکاری بکرێین وەک حزبە مۆڵەت پێدراوەکان.

*** کەرکووک لای ئێوە پێناسەیەکی هەیە؟**

– کاتێک لە ناو بەرەی تورکمانی بووم ئیحتیفازم دەکرد لە قسەکردندا، بەڵام لە راستیدا راستە کەرکووک شارێکە لە عێراق و کورد و تورکمانی تێدایە، بەڵام کەرکووک لە جوگرافیای کوردستاندایە و شارێکی کوردستانیە و دەبێت کوردستان بێت.

**کەرکووک لە جوگرافیای کوردستاندایە و شارێکی کوردستانییە و دەبێت سەر بە هەرێمی کوردستان بێت**

*** پەیامتان بۆ هەواداران و ئەندامانی بەرەی تورکمانی لەم سنوورەدا چییە؟**

– داوایان لێدەکەم خۆراگر و هێمن بن و دەبێت لە چوارچێوەی کوردستاندا کاروباری خۆمان بەدەستی خۆمان بەڕێوە ببەین و دەستی دەرەکی لە کارەکانماندا نەبێت.